# ئەی ئافەرین بلیمەت

+جەنابت لە چ بابەتێکا خۆت زۆر بە شارەزاو هین ئەزانیت؟
-ئەبێ بە خۆهەڵکێشان قوربان گیان مەوزوع نیە لە دەستم دەرچێ.. هەر لە سیاسەتەوە بیگرە..
+هێواش هێواش برا.. سیاسەت کوا ئەگیرێ؟..
-فیعلەن.. راست ئەفەرمویت. سیاسەت ناگیرێ بەڵکو خۆی خەڵك ئەگرێ. وە لەم بارەیەشەوە شاعیری گەورە ئەڵێ..
+تەواوی ئەکەی دەغیلت بم.. تەواوی ئەکەیت..
-هەر یەك تۆز
+نا نا.. ئەو یەك تۆزە بکەین بە سوئال باشترە.. حازریت؟
-کێ ئەترسێنی قوربان؟ فەرموو
+لە شیعرو سرودا تەکمیلیت؟
-هەموویم لەبەرە
+زۆر چاکە. ئەتوانیت سرودێکم بۆ بڵێی بە ئەلف دەست پێ بکات؟
-بە ئەلف دەست پێ بکات، بە ئەلف دەست پێ بکات.. نا.. ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان
+وەلەو زۆر کۆنیشە بەڵام هەر قبوڵە
-کۆنی چی مامۆستا؟! برادەران تازە لە ئەی رەقیبان
+رجات لێ ئەکەم مەمانکە بە کۆڵانەکەی ئەودیوا ها.. مەوزوعی ئێمە فەقەط سرودە.. فەقەط چییە؟
-فەقەط سرودەو سرودەکەش ئەی رەقیبە..
+وازی لێ بێنە. بەسە ئیتر سوردێکی ترمان بۆ بڵێ
-کامەیان؟
+نازانم.. بە نارەزووی خۆت.
-من ئارەزووم لەکوێ بوو بەقوربان.. ئەمرکەو با بیڵێم..
+ئاووا.. دە کەواتە سرودێکم بۆ بڵێ بە پیتی (ب) دەست پێ بکات
-پیتی (بێ)، پیتی (بێ).. ئێ..
بەقوربان ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان
+لا حەولە وەلا قووەتە ئیللا بیللا. کاکە گیان ئەختێ لەو ئەی رەقیبە دوور کەوەرەوە خێرت ئەگات. ئەوەللا ئەزانی چی؟ سرودێك بڵێ بە (چ) دەست پێ بکات
-ئینجا لەوە ئاسانتر کوا؟
چاوەکەم ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زبان
+چاوەکەت ئەی رەقیب؟! باشە باش.. شەرت بێ چارت بکەم.. ئەگەر پیاوی سرودێکم بۆ بڵێ بە (خ) دەست پێ بکات
-خاڵە گیان ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان
+ بە پیتی (کاف)
-کوری باوکم ئەی رەقیب
+بە پیتی (ت)
-تورە مەبە ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان
+بە پیتی (لام)
-لە سوعبەت دەرچێ ئەی رەقیب
+بە پیتی (گ)
-گوێ مەدەرێ ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان
+بە پیتی (شین)
-شەقم برد ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان
+چیچیچیچی؟
-شەقم برد ئەی رەقیب..
+کورە هەی زەهری مار
-زەهری مار ئەی رەقیب؟!
+نەخێر زەهری مار لە تۆ هەی موزعیج




مۆبایل دوای نەوت داهاتی عێراق پێک دەهێنێت -کوردستان ناوێت-

ناوی کێ لە مۆبایلی کێدا چیە؟

| ناوی شەخصەکە | لە مۆبایلی | هینە |
|---|---|---|
| ئاشتی هەورامی | کۆمپانیای DNO | یارۆ |
| حسەن شەهرستانی | ئاشتی هەورامی | سیلی لا ورگ |
| مەکتەبی کۆمەڵایەتی | وەزیری داد | دایناصۆر |
| وەزارەتی داد | مەکتەبی کۆمەڵایەتی | گوێی گا |
| بووك | خەسوو | عەنتەر |
| خەسوو | بووك | فەرهادکوژ |
| صەیدەلی | دکتۆر | شەریك |
| موزیع | هاووڵاتی | کونەدرۆ |
| قاچاخچی | سەیطەرە | قەدەم خێر |
| سەیطەرە | قاچاخچی | برادەران |